# ئەم هەموو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانە
# گشــتی دەســتی دوژمـنـانــە

عارف قوربانی

هەر کەس ئەم بابەتە بخوێنێتەوە رۆژانی دوای راپەڕین و سەردەمی بەرەی کوردستانیو دوای بەرەی بیر دەکەوێتەوە، کە ئەوکات چ پاشاگەردانییەك بوو، هەموو کەس بۆ خۆی کوێخاو ئاغا بوو. کێ چوار چەکداری زیاتری بەدواوە بوایە ئەوە دەستڕۆتر بوو. هەر کۆمەڵە چەکدارێکی بەرژەوەند پێکەوە گرێدراو ئەیانتوانی تالانی بکەن. کەل و پەلی فەرمانگەو دەزگاکان بەرن و چیان بویستایە دەیانکردو لەمپەرو رێگرەکانی بەردەمیان زوو دەمکوت دەکرد. .

ئەوکاتەش خەڵکانی دڵسۆز هەبوون و زۆریش بوون ئەوانەی بەزەییان بەو وەزعەدا ئەهاتەوەو خەمی جوانکردنی بزوتنەوەکەو رێکخستنی ماڵەکەیان بوو. ئەو کاتەش لێرەو لەوێ بڵاوکراوەو پەیامی ناڕەزایی بەرگوێ دەکەوتن و کەم تا زۆرێك لە رۆژنامەکانیشدا قسە هەبوو. !!

بەڵام ئەوانەی بەرژەوەندی حزبیو عەشیرەت و دەسەڵاتخوازیو رزقیان لەسەر ئەو (بێسەریو بەرییە) بوو. بەگژ هەموو ئەوانەدا دەچوونەوە کە پێیانیان دەگوت بەری چاوتان بە کلەوەیە. زۆر جار بە تابوری پێنجەم ناوی ئەوانەیان ئەبرد کە رەخنەیان ئەگرت. .

دواتر کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا بیانویەکی باشتر رەخساو ئەمجار پێویستیان بەو تابورو مابورە نەبوو. تۆمەتی سەر بە هێزی بەرامبەریان ئەدایە پاڵ و رەنگە چەندین قوربانی ئەو بوارەمان هەبن. کە زۆر بەزەقی رەخنە لە هەرکامیان بگیرایە ئەوە لەژێرەوە تۆ سەر بەولایتر بوویو بە تەوجیە و راسپاردەی بەرامبەر ئەو قسانە دەکەیت. .

رۆژان هات و رۆژان چوو ئەو قسەیەش کۆن بوو و باوی نەما. دواتر کە دەسەڵات رێچکەی چەسپاندنی گرتەبەرو لێرەو لەوێ خوارو خێچییەك هەبوایە گەر کەسێك، رۆژنامەنووسێك کادیرێکی هۆشیاری حزب. قسەیەکی بکردایەو بیویستایە بەر لەو دیاردە دزێوو ناشرینانە بگرێت کە وەك پەڵەی رەش بەرووی سپی دەسەڵاتە خۆماڵییەکەمانەوە دیاربوون. ئەمجارەش لە بەرامبەردا ئەوانەی بەرژەوەندییان لەوەدابوو ئاوەکە هەمیشە بەلیڵی بمێنێتەوە. بێسێودوو کردن کەسی رەخنەگریان دەخستە خانەی تەکەتولەوەو ئەیانووت ئەوە سەر بە تەکەتولی دژ بە ئێمەیەو بۆ شکاندنەوەی فلانە بەرپرس وا دەکات. ئیتر بێ ئەوەی لەراستیو دروستی رەخنەکەی بکۆڵرێتەوە. خواکردی وا ساڵێکە ئەو مۆدێلی بیانووەش کۆتایی هات و ئیتر ئەوانەی کە هەمیشە پای خوار دائەنێن و ئەو پەندە ئەڵمانییە بەسەریاندا دەچەسپێت کە دەڵێ: (زۆر شۆڕشگێڕ هەن شۆڕش گێڕ دەکەن) بەردەوام بە عەقڵییەتێکی دوور لە پێشکەوتن و پێچەوانەی رەوتی ژیانی شارستانیو ئەو قۆناغە هەنگاو دەنێن کە هاتوّتە پێش. لێرەشدا لەم قۆناغەش هێشتا خەڵکانی وامان هەن لە ئاستی لێپرسراوێتی قۆناغەکەدا نین و بگرە تووشی ئەو لادان و لەرێ دەرچوونە هاتوون کە شۆڕش گێڕ دەکەن. کاتێ رۆژنامەنوسێ. نوسەرێکی بوێرو خەڵکێکی دڵسۆز بە ئەزمونەکەو خەمخۆر بۆ ئایندە دێت و دەڵێ ئەو چاوە لەوە جوانترە کلرێژی بکەی. کاتێ دێت و رەخنە دەگرێت کە بەرپرس دەبێ خزمەتکاری خەڵك بێت نەك ئاغاو کوێخا. کاتێ پەیامنێری رۆژنامەیەك دێت و دەنوسێ سەیارەی ئیسعاف بۆ ئەوەیە کە نەخۆشی پێ بگوازرێتەوە. نەك قاچاخچێتی پێ بکرێت. کە پەیامنێری رۆژنامەیەك دەنوسێ ناکرێ نەخۆشخانەیەك ئامێری تیشکی (ئیشاعە)ی تیابێت بەدەستی ئەنقەست لەکار بخرێت و لەبازاڕدا پزیشکەکان خۆیان ئامێری تیشکیدابنێن و بە پارە کاری پێبکەن و خەم لە خستنەوەگەری ئامێری نەخۆشخانەکە نەخۆن. کاتێ نوسەرێك دێت و دەڵێ هەقە زەوی بۆ کەس و کاری شەهیدان و خەڵکی ماندوو و تێکۆشەران و خەمخۆرانی بزوتنەوەکە بێت و گەر کرا بۆ هەموان و وەك یەك بێت، نەك کەسێك دەیان ئیمتیازو بە دەیان کەسیش ئاوڕ لە ژیانی نەدرێتەوە. .

کەسێك کە دێت رەخنە دەگرێت و دەڵێ ناکرێ دەست لە پەروەردە وەربدرێت و بەهۆی شانەی حزبیو حزباندنەوە ناکرێت قوتابخانەیەك دوو مامۆستای وانەی فیزیای تیابێو قوتابخانەیەك هیچ. .

کە نوسەرێك دەنوسێت ناکرێ شارێك بکەینە بەشێك لە بەهەشت و شارێکیتر دڵی دۆزەخ. ئەمانەو زۆر شتیتریش کە ئەمڕۆ لە رۆژنامەکاندا دەخرێنەروو. لەبەرامبەر ئەمانیشدا ئێستا جۆرێکیتر لە قسە دەبیستین کە هەندێ کاڵ فام و خۆپەرست قسەو قسەلۆکی زۆر سەیرو عاجباتی دەکەن و خەریکە ئەمجارە بە وشەی (ئەوە دەستەو. دەستی لەپشتەوەیە) بیانەوێ ئەم بزوتنەوە رەخنەگرانەیەش دەم بەست بکەن، کە ئەمڕۆ خۆی لەو رەوتە رۆژنامەگەرییەدا دەبینێتەوە، کە چەند رۆژنامەیەکی ئەهلیو ئازادو ئازا هەن و لە هەرێمەکەدا دەردەچن و ئەیانەوێ خەم لە جوانکردنی دەسەڵاتی کوردیو چەسپاندن و گەشەپێدانی دەخۆن و ئەوەیان کردوە بە پەیام و ئامانجی خۆیان کە ماڵەکەی کورد رێکبخەنەوەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بچەسپێنن و رێگەنەدەن دەسەڵاتدارێك هەژارێك بچەوسێنێتەوەو، دەیانەوێ رۆڵی لەوەدا بگێڕن کە ئەو هەستە لای هەر تاکێکی کوردی

دروست بکەن، کە دەبێ هەست بە ئەرك و بەپرسیارێتییەکانی سەرشانی بکات لە ژیانی رۆژانەیدا. . کە دەتوانم بڵێم (ی. ن. ك) بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەی بەخۆی بریوە، ئەو بوارەی رەخساندوە کە رۆژنامەو رۆژنامەنووسان بتوانن رۆڵی زۆر باش لە رێکخستنەوەی ژیانی خەڵك و دەسەڵاتدا بگێرن و رەقیبی سەر دام و دەزگاکانیشیان بن. . بەڵام هەست بەوە دەکرێت هەندێ نەخۆش و ئەوانەی کە گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئەقڵ و ژیانی خەڵك بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانیان لێ تێکدەدات تانەو تەشەر دەگرنە رۆژنامەو رۆژنامەنووسان. خەڵك هەیە بێ شەرمانە وتویەتی دەبێ لە بەرامبەر بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا (هاوڵاتی) دابخەین. . خەڵك هەیە لەسەر ئەوەی لەسەر خۆی نوسراوە دەڵێ لە (هەواڵ) بەگومانم. . خەڵك هەیە دەڵێ (رای گشتی) (دەست)ە. . ئەمانەو زۆریتریش. لەم رۆژانەشدا تازەترین (شەکر) کە شکێندرا لە گەرمیان، برادەرێك تەرحی وابوو لەبەرامبەر ئەو نووسینانەدا هەقە (رەئیس تەحریرەکان سجن بکەین). .

لێرەوە بۆ وەڵامی هەموو ئەوانەی سەرەوە ئەم چەند قسەیەم هەیە. .

من وەك خوێندنەوەی خۆم پێم وایە لەم وڵاتەدا لە هەموو کەس زیاتر کە خەم لەم وەزعە بخوات و خەمخۆری راستەقینەی بێت و هەوڵی ئەو زەمینە سازییە بدات کە هەموو چەوت و چێلییەکان راست بکرێنەوەو بواری ئەوە بدات کە هەرکەس پێیەکی چەوتی دانا بەپەلە ئاگادار بکرێتەوە. . پێم وایە کە (مام جەلال)ە لەوە گەیشتووە رۆژنامە لەم قۆناغەدا دەتوانێ رۆڵێکی زۆر سەرەکی بگێرێت، هەر بۆیە بوارێکی باشی لەم هەرێمە دا کە ئەو رابەرایەتی دەکات بۆ ئازادیو رۆژنامەگەری رەخساندوە. .

بۆیە بۆ وەڵامی هەموو ئەو کاڵفامیانەی کە ئەم هەموو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانە بەدەستی دوژمنان دەزانن و دەیانەوێ بەو قسانە پاساو بۆ دیاردە دزێوەکانی خۆیان بدۆزنەوە. . پێیان دەڵێم کە نەخێر ئەو دەستە دەستی خەمخۆرانە. . دەستی دڵسۆزانی میللەتەو لەسەرووی هەمووشیانەوە دەستی بەرێز (مام جەلال)ەو پەنجەکانی ئەو دەستە بەهێزەش دەکەین بە ناوچاوی نەیاران و ناحەزانی پێشکەوتندا.

وە دەبێ هەموو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانیش و خەمخۆرانی ئەم وڵاتە بێ گوێدانە تێوەگلان و توش بوون وبەسەربەستی پشتگیری ئەو دەستە بکەن و ئەو دەستە بەهێز بکەین تا لەسایەی ئازادییەکی سەرتاسەریدا ژیانێکی کامەران و دادپەروەرانە لەم هەرێمەدا بنیات بنێین. .

دەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزانەدا بەر لە هەر شتێك بەخۆیدا بچێتەوە، بەتایبەتی لەدوای ئەوە کە دەرگایەکی گەورەی بەرووددا کراوەتەوە کە وەك ئەندامی چاودێر لە رێکخراوی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیۆناڵ وەرگیراوە کە لەدوای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دووەم ناوەندی جیهانییە. . دەبێ ئەو خەڵکە تێنەگەیشتووە تێبگەیەندرێن کە کردنەوەی ئەو دەرگایە پشکێکی زۆری بۆ ئەو ئازادیو دیموکراسیەت و ئازادی رۆژنامەگەریە دەگەرێتەوە.

دەبێ هەمووان ئەوە بزانن کە 7 ساڵ بەر لە ئێستا (ی. ن. ك) وەك هێزێکی شەرخواز تەماشا دەکراو خرابووە لیستی رەشەوە. . کە ئێستا دەبێتە ئەندام لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا هۆکارەکەی شەری ناوخۆو یەکەکەو کۆمۆنیست و شەری ئیسلامییەکان و گرتنی شنروێ نییە. . بەڵکو هۆکاری سەرەکی بەئەندام بوونی (ی. ن. ك) دەگەرێتەوە بۆ ئازادیو مافی مرۆڤ و مافی ژنان و هەنگاوەکانی بەرەو مەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردی.

بۆیە هەقە (ی. ن. ك) کۆنفرانسێك ساز بکات تا گرنگیی بەئەندام بوونی خۆی و ناسکی قۆناغەکەی بۆ هەڤاڵەکانی خۆی روون بکاتەوەو پابەستیان بکات بەوەی کە دەبێ هەمووان حورمەتی ئەو ئازادیو دیموکراسیەتە بگرین، کە بەدرێژایی مێژوو خوێنمان لەپێناودا رشتووە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ناوخۆی کوردستان لە گۆشەی (شەکری تاڵ)ی رۆژنامەی (هەواڵ)دا بلاوکراوەتەوە.